# کردنەوەی نوسینگەی تایبەت بۆ قەرەبوکردنەوەی موچەی ئەم چەند ساڵەی جاشو خەفیفە

**رێوان**

ماوەی ١٦ ساڵە لەبەر چەندین هۆ نەتوانراوە کاری سیاسی گەورە ئەنجام بدرێت، کە لێرەدا شوێنی ئاماژە پێکردن نیە، لەوەش زیاتر هەڵەی گەورە کراوە، ئەو هەڵەیەش ئەو کاتە بوو کە لێبوردنی گشتی دەرکرا بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە لەناو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسدا کاریان دەکرد، کە دەکرا دەسەڵات هۆشیارییەکی ئەوتۆی هەبوایە، سەبارەت بەو دیاردەیە. بڕیاری لێبوردن لەتاوانباران تەنهاو تەنها بەمافی خۆی نەزانێت، چونکە ئەم مافە پێش ئەوەی پەیوەست بێت بەدەسەڵاتی سیاسیەوە مافی میللەتە.

دەکرێت بڵێین دەرکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە هێندە پابەندبوو بەبەرژەوەندی تایبەتی حیزبە باڵادەستەکان، هێندە لەدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردی سیاسی کۆمەڵایەتیەوە نەهاتبوو. بەبڕیارێکی لەو شێوەیە دەسەڵات هات جارێکی تر، کەسوکاری قوربانیانی دەسەڵاتی بەعسی روخاوی کردەوە قوربانی بڕیارە ناتەندروستو بەرژەوەندیخوازەکانی خۆی.

تا ئەمڕۆش میللەت چاوەڕێیە، دەسەڵات بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی دیراسەکراوی ورد تاوانبارانی پرۆسەی ئەنفال بەدادگا بگەیەنێت. هەروەها زۆر گرنگە بۆ دەسەڵاتی کوردی لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە بۆ خەڵکو هەروەها ئەو کەسانەیشی کە لەکاتی خۆیدا دەسکێشی بزوتنەوەی کوردی بون، لەلایەن خودی دەسەڵاتی کوردییەوە کەسایەتیو کارو چالاکیان بخرێتەڕوو لەو سەردەمانەدا. چونکە بێدەنگ بوون لەتاوانباران چەندە تاوانە، ئاشکرانەکردنی ئەو کەسانەش ئەوەندە تاوانە، چونکە لەلایەك، ئەمانە ماندوبونو خەباتیان لەلایەن جەماوەرەوە ئەژماری بۆ ناکرێتو بۆشی هەیە لەلایەن جەماوەرەوە بەچاوێکی زۆر نزمو قێزەونەوە تەماشا بکرێن. لەلایەکی تریشەوە ئەوەندەش فرسەت دەداتە ئەو کەسانەی کە زۆر بەڕاستی دڵسۆزو بەئەمەك بون بۆ بەعسی روخاو، ئەمڕۆ لەژێر چەتری دەسکێشی شۆڕشدا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچن. کەم نەبون ژمارەی ئەو گەنجانەی کە بەفرمانی شۆڕش لەناو داموو دەزگاکانی بەعسی روخاودا کاریان کردووە، لەدوای راپەڕین بەرگەی تێرمی بەعسی بوونیان نەگرتو لەژێر فشاری باری دەرونی خۆیانو کۆمەڵگە کۆمەڵگا سەری خۆیان هەڵگرت. بەڵام ئەوانەشی کە بەڕاستی جاشو خەفیفەیەکی بەوەفای بەعسی روخاو بونو ئەخلاقییەتی بەعس ببووە بەشێك بەمۆراڵو هەڵسوکەوتیان توانیان هەمان نۆرم لەزمانو مامەڵەکردن پیادە بکەن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا. مەخابن لەدوای راپەڕین کەلتوری بەعسیزم وەکو خەسڵەت بووە بەشێك لەپێکهاتەی گەر بکرێت بڵێین سیستمی سیاسی و مۆراڵی تاکەکان. بۆیە جاشو خەفیفەکان توانیان زیاترو زیاتر خۆیان لەسەر بەرەی سیاسی دەسەڵاتی کوردی نزیك بکەنەوەو بەئەندازەیەکی باش ئەو پۆستو دەسەڵاتەی کە دوێنێ هەیان بوو، ئەمڕۆش هەیانبێت.

ئەمڕۆ لەدادگایی کردنی سەدامدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك داوا دەکەن کە هاوکارانی سەدام لەپرۆسەی ئەنفالدا، کە مەبەستمان جاشو موستەشارو خەفیفەیە دادگایی بکرێن.

لەراپرسییەکی ئۆفیسی سەرقەڵای سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژناندا (٣٠٠٠) بنەماڵەی ئەنفالکراوی گەرمیان لەگەڵ دادگایی کردنی سەدامدا داوایی داداگایی کردنی جاش و موستەشار دەکەن ، لەرۆژنامەکەماندا تەنها (٥) لەوچاوپێکەوتنانە بلاودەکەینەوە.

هەدیە کەریم کچێکی گوندی زینانەی گەرمیانەو " دەڵێت لەسەر رووباری ئاوەسپی جاشەکان سواری زیلی عەسکەرییان کردینو ڕەوانەی قۆرەتویان کردین، دواتر گواسترایینەوە بۆ تۆپزاوا، لەوێ کچەکەم مردو منو مێردەکەمیان لەیەك جیاکردەوە من لە تکریت ئازاد کرام بەڵام مێردەکەم هەتا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، داواکارم هەرچی جاشو موستەشار کە دەستیان لەو دەستگیریان کردینو دواتر تەسلیمی حکومەتیان کردین، من بەربوم، تا ئێستا دوو برام کە ئەنفال کران نەگەڕاونەتەوە.

جاشەکان چەکەکانی خۆیان کردە شانی براکانمانو تەسلیمی حکومەتی بەعسیان کردن، تاکو بە ڕژێم بڵێن پێشمەرگەمان تەسلیم کردووە.

فەریدە دەڵێت "بەر لە دادگایی کردنی سەدام داوای دادگایکردنی هەموو ئەو جاشو موستەشارانە دەکەم کە دەستیان هەبوو لە ئەنفال کردنی براکەمدا".

نەسرین کە خەڵکی پیرەمەونی گەرمیانە ووتی "جاشو موستەشار پرۆسەیەدا هەیە دادگایی بکرێن.

- سوولتانە ڕەشید خەڵکی گوندی موان. هاوسەرەکەی ئەنفالەو ووتی" جاشەکان پێیان ووتم هاوسەرەکەت دەبەین هەوییەی بۆ دەکەینو دوایی دەگەڕێتەوە، بەڵام تائێستاش نەگەڕاوەتەوە، داوادەکەم ئەو جاشو موستەشارانە لەبەر چاوی هەمووومان ئیعدام بکرێن ئەگەر موستەشارو جاش نەبوایە سەدام گوندی ئێمەی نەدەزانی لەسەدام تاوانبار ترجاشو موستەشارە.
- فەریدە زۆراب تەنها خۆم لە نوگرەسەلمان گەڕاومەتەوە مێردەکەمو سێ کوڕم ئەنفال کراوە، یەك کچم ماوە، ئێواران ئەڵێم بەڵکو عیساو لوقمان لە دەرگا بدەنو بێنەوە، کە شەویش دێت دەڵێم بەڵکو ئێستا بێنەوە من بڕواناکەم کوڕەکانم مردبن هەر لەبەرچاومن، داوادەکەم جاشەکانو موستەشارو سەدام هەموویان دادگایی بکرێن،
- مەلیحە قادر حەسەن خەڵکی گوندی ملەسوور ووتی "خەڵکی هەموو گوندەکانی گەرمیان لە ملەسوور کۆکردەوە، جاشو موستەشار ژنو منداڵو مەڕو ماڵاتیان کۆکردەوەو تەسلیمی حکومەتیان کرد، هیچ دەروازەیەك نەبوو بۆ ڕزگار بوون، سواری زیلی عەسکەریان کردین بۆ قۆرەتوو.
- مەلیحە ژنێکی تری ئەم دەڤەرەیە، کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، دایکمو باوەژنەکەمو دوو خوشکو دوو براژنو ٦ برام ئەنفالن، چۆن خۆشدەبم لە جاشو موستەشار گەر تەنها هەر خۆم بم داوای دادگایی کردنیان دەکەم، ئەمە زووڵمە تاوانبار بە ئازادی بسووڕێتەوەو دەسەڵاتی کوردیش تا ئەمڕۆ هیچی لەگەڵ نەکردوون.
- محەمەد حەمە ساڵح ووتی، من تەمەنم ١٠ ساڵان بوو لە گوندی ملە سوورە هەر خۆم دەرچووموو بەر ئەو شاڵاوە نەکەوتووم، چونکە لای ڕان بووم، دایکو باوکو خوشکو دوو برام ئەنفالە کەسم نەماوە، خۆ دەسەڵاتی کوردیو خەڵکیش ئەو جاشو موستەشارانە دەناسن کە یارمەتی بەعسیان داوە، وە هەمووشمان زۆر باش دەزانین کێ ئەنفالی کوردی کردووە، دەبێت دادگای بکرێن.

بدریە ئەحمەد- کە خەڵکی گەرمیانە دەڵێت "من پێم خۆشە دەسەڵاتی کوردی لە ئێمە زیاتر سووربن لەسەر تۆڵەکردنەوە لەو جاشو موستەشارانەی کە کەسوکاریان ئەنفال کردووین، بۆئەوەی ناچارمان نەکەن بە عەشایەری تۆڵەی خۆمان بکەینەوە، کە چەند وەختە دانمان بە خۆماندا گرتووە. من کە ئافرەتێکم چاوەڕێی ئەو دادگایانەم، دەزانم چ جاشو موستەشارێك براکانمی ئەنفال کردووە، ئەوەتا زۆر لەژنانی گەرمیان بیر لەتۆڵە دەکەنەوە.

ئەو کەسانەش کە دوێنێ بەشدارییەکی بەرچاویان لەخەباتی سیاسی کوردیدا هەبووە، بەهەمان شێوەی خەڵك ئەمڕۆ لەمامەڵەی یەکڕیزکردنەوەو لەتەنیشت یەکدانانی پێشمەرگەو جاش ئازار دەچێژن، بۆ نمونە لەخانەنشینی پێشمەرگە، بەناو رۆشنبیرێك جاشێك پێش خۆی دەداتو خانەنشینی پێشمەرگەی بۆ دەکات، لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی دێرین ئامادە دەبێتو بەبەڵگە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو جاش بووەو داوا دەکات بۆی نەکرێت، ئەو بەرپرسەی کە تەزکیەکەی کردووە لەڕێی تەلەفونەوە دەڵێت ئەو زماندرێژە کێیە کە دەڵێت ئەو کەس جاش بووە.

هەروەها ئەو کەسەی کە دوێنێ دەهاتە سەر ماڵەکانو نانی شەوو رۆژی لەماڵە شۆڕشگێڕەکان حەرام کردبو، ئەمڕۆ لەدەسەڵاتی هەرێم بەشەهید بنوسرێت، یان ئەو سەرۆك جاشەی ئاژەڵی گوندەکانی دایە پێش خۆی، ئەمڕۆ چەندین زەوی وەرگرتووە، گەر وەزع وابێت ئەوان حەقی خۆیانە ئەمڕۆ بیانەوێت نوسینگەی تایبەت لەهەولێر بکەنەوەو داوای قەرەبوی مووچەی ئەم چەند ساڵەی خەفیفەییو جاشێتی بکەن.

* * *



گوندی ملە سورەی گەرمیان، کە ئەنفالەکانی گەرمیان لە لایەن موستەشارو جاشەوە تیایدا کۆکرانەوەو نێردران بۆ نوگرە سەلمان

# چەندین دیمەنی لەم شێوەیە بەڵگەن بۆ هەست نەکردن بەبەرپرسیاریمان



وێستگەی کانی کوردە ئاماژەیەکە بۆ ناشارستانی

پاك وخاوێنی هەرجێگایەك یەکێکە لەئاماژە گرنگەکانی مەدەنیت ومەدەنی بوونی خەڵکەکەی، لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا روو لەهەر جێگەیەك دەکەیت،لاوازی ئاستی شارستانی بوونمان دەسەلمێنێ، لەپشت ئەمەشەوە لاوازی هوشیاریمان وەستاوە، بەڵگەیە بۆ لاوازی ئەخلاقیمان، بەداخەوە ئەوەی کە ترسناکیە تائەم ساتەش، ئەخلاق زیاتر ئەو مەسەلانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە سێکسەوە، ئیتر گوێ نەدان بەوجییێگەیەی کە تیا دەگوزەرێیت، هەست نەکردن بەسامانی وولاتو دەست نەگرتن بە بەربومیەوەو گوێنەدان بەپاك و خاوێنی شەقامەکانی و مەسەلەیەك نیە لامان.

رۆژانە وەستانم لەچەندین وێستگەی پاس کە خەڵکی گەرەك کردویانە بەشوێنی خۆڵ ڕشتن، یان ئەوباخچانەی کە دروست کران وجۆلانەکانی دەشکێنرێن وتەنەکە خۆڵەکانی دەدەزرێن، یان ئەوکاتەی کە لەباخچەکاندا گەنجێکی زانکۆ یان خوێندەوار گوڵێك لێ دەکاتەوە، بەڵگەن بۆ هەست نەکردن بەبەرپرسیاریمان بەرامبەر بەوشتانەی کە بۆژیان گرنگن .

ئەم وێستەگەیە لەکانی کوردەیە، بۆتە شوێنی خۆڵ ڕشتن، خەڵکەکەش زۆر ئاسایی لەناو ئەم خۆڵ وخاشاکەی خۆیاندا دەوەستن و بۆڵە بۆڵیشیان دێت لەپیسیەکەی.

**ئا/ شەدە**